www.kurdistannet.org
4-2-2007 19:26 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

تەنها بۆ تۆ..

## لە چاوەڕوانی عیشقدا ... هاوكاری



gool_usf@yahoo.com

پێشكەشە بە "گوڵ بەخاك بە بەیان "
ئەوە هەنگە لە ژیانیدا..
تەنها لە دەرگای گوڵ دەدا
هەر پەپولەش بە ناسكی..
سەما بۆ پەڕی گوڵ دەكا
نمەی بارانیش لە ئاسمان دادەباری..
خۆی بەقوربانی خاك دەكا
هەر خۆریشە بی ماندوبوون لەئاسۆدا..
هەموو ڕۆژی بەدیداری بەیان دەگا
كاروان چیە بۆ لانەیەك..
پەنا بۆ گشت جێیەك دەبا
كەسی تینوش لەبیابان..
خۆی بەفیدای قومێك دەكا
هەر زاهیدە بۆ عیشقی خوا..
شەو تابەیان بەڕی دەكا
******

خۆشەویستم... باش بزانە
هەرگیز ئاسمان بۆ یەك ساتیش..
سینەی والآی بۆ یەك باڵندەش داناخا
هەرگیز دەریاش نەبۆتە گۆل..
ژینی ماسییەك تێكنادا
قەتیش نەبووە گوڵی والآ..
خۆی وەپێچی بەڕووی هەنگا
یان خاك.. خاكێتی لەدەستدا..
پێشوازی لەباران نەكا
خودای گەورەش..
قەد بێدڵی زاهید ناكات
*********

خۆشەویستم...
منی عاشق.. منی ڕێبوار.. منی تینو..
هەرچاوەڕێم...
دەهەنگاوی..
دە وەلآمی..
بەلآم توخوا.. با "نا" نەبی.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.